شەیتان دێت بۆ لای یەکێکتان دەڵێت: کێ ئەو شتەی دروستکردووە، کێ ئەو شتەی دروستکردووە، هەتاوەکو دەڵێت: کێ پەروەردگارتی دروستکردووە؟ ئەگەر گەیشت بەمە با پەنا بە خوای گەورە بکرێـت و واز بهێنێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شەیتان دێت بۆ لای یەکێکتان دەڵێت: کێ ئەو شتەی دروستکردووە، کێ ئەو شتەی دروستکردووە، هەتاوەکو دەڵێت: کێ پەروەردگارتی دروستکردووە؟ ئەگەر گەیشت بەمە با پەنا بە خوای گەورە بکرێـت و واز بهێنێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی چارەسەری بەسوود وکاریگەر دەکات بۆ ئەو وەسوەسانەی شەیتان تووشی ئیمانداری دەکات، شەیتان دەڵێت: کێ ئەوەی دروستکردووە؟ کێ ئەوەی دروستکردووە؟ کێ ئاسمانی دروستکردووە؟ وکێ زەوی دروستکردووە؟ ئیماندار وەڵامی دەداتەوە لەڕوانگەی ئاین وفیترەت وئەقڵەوە، بەوەی دەڵێت خوای گەورە هەموو شتێکی دروستکردووە، بەڵام شەیتان لەم سنوورە ناوەستێت لە وەسوەسە کردن، بەڵکو بەردەوام دەبێت هەتاوەکو دەڵێت: کێ پەروەردگارتی دروستکردووە؟ لەم حاڵەتەدا ئیماندار دەبێت ئەم وەسوەسانە دوور بخاتەوە بەسێ ڕێکار: ئیمان هێنان بە اللە. وپەناگرتن بە خوای گەورە لە شەیتان. و وەستان وبەردەوام نەبوون لە بیرکردنەوە لە وەسوەسەکانی شەیتان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65013